Department of Health & Social Care

# کوتان دەکرێت بە مەرجێکی بڵاوکردنەوە لەناو خانەی سەرپەرشتیی بە ساڵاچووان

بڵاوکرایەوە لە 14 ی ئەپریلی2021

## پڕۆگرامی کوتان دژی ڤایرۆسی کۆڤید-19

1. پڕۆگرامی کوتان دژی ڤایرۆسی کۆڤید-19گەورەترین پرۆگرامی کوتانە لە مێژووی خزمەتگوزاریی NHS. چونکە لە ڕێکەوتی 7 ی ئەپریلی 2021، نزیکەی 27 ملیۆن کەس یەك دۆزی کوتان دژی ڤایرۆسی کۆڤید-19یان وەرگرت لە ئینگلاند [footnote 1]. گشت ئەو کەسانەی لە خانەی سەرپەرشتی بەساڵاچوان، ستافەکان، کارمەندانی تەندروستی و چاودێری سۆشیاڵ، کەسانی تەمەنی 50 ساڵی و بەرەو سەر، وە کەسانی کە لە ڕووی پزیشکیەوە ئەوپەڕی دۆخ ناسکن کوتانیان پێدرا. ئەم گروپانە ڕێژەی 99% ی مردنەکانی بەهۆی ڤایرۆسی کۆڤید-19دەبێت واتا ژیانی هەزارەها کەس ڕزگار دەکرێت. شیکردنەوەیەك ئەنجام درا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گشتی ئینگلاند وە پێشنیار دەکات کە پڕۆگرامی کوتان دژی ڤایرۆسی کۆڤید-19 ڕێگری کرد لە 6,100 لە مردنەکانی ناو ئینگلاند هەتا کۆتایی مانگی فێبریوەری 2021. لە بەریتانیا [کوتانی دژی ڤایرۆسی کۆڤید-نۆزدە لەلایەن ئاژانسی MHRA پەسندکرا] کە سەلامەت و کاریگەرە لە کەم کردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆڤید-19وە ڕێگری دەکات لە نەخۆشی سەخت لەو کەسانەی کە تووشی ڤایرۆسەکە دەبن.
2. [بەڵگە هەیە پێشنیار دەکات کە کوتانەکە هەروەها ڕێگری دەکات لە گواستنەوەی نەخۆشیەکە لە کەسانی تووشبوو بۆ کەسانی تر] هەروەها، ڕێگری دەکات لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە. توێژینەوەی سایرن SIREN بەڵگەی بەهێز پێشکەش دەکات کە کوتانی کەسانی گەورەی تەمەنی ئیش کردن بەشێوەیەکی زۆر تووشبوون بە ڤایرۆسی SARS-CoV-2 ی بە دەرکەوتنی نیشانە کان و بە بێ نیشانەکان کەم دەکاتەوە لەناو دانیشتوان. [توێژینەوەکە کاریگەریی لەدژی تووشبون بە نەخۆشیەکە پێشاندا] سەبارەت بە 72% (95% CI 58 بۆ86 ) لە 21 ڕۆژ دوای یەکەم دۆزی فایزەر Pfizer – ئەمە بە هەمان شێوەی کاریگەریەکانە کە لە تاقیکردنەوەکانی ئەسترازینیکا AstraZeneca بینران. لەبەرئەوە وا پێشبینی دەکرێت کاریگەرییەکە لەسەر گواستنەوە بەو قەبارەیە بێت بەلانیکەم. ڕەنگە پاراستن لە دژی گواستنەوەی نەخۆشیە کەمێك کەمتر بێت لە کەسانی بەساڵاچوو، یان نزم دەبێتەوە بە تێپەڕبوونی کات، یان کەمتر دەبێت لە دژی گۆڕانە دیاریکراوەکان.
3. ئەوە گرنگە کە هەموو هەوڵێك بدەین کە دەتوانین بۆ پاراستنی خەڵك کە زۆرترین مەترسی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆڤید-19 یان لەسەرە و ئێمە دەزانین کە کوتان کلیلێکە بۆ ڕێگاکەمان بۆ ڕزگاربوون لەو پەتای نەخۆشیەکە. ئێمە ڕێگایەکی درێژمان بڕیوە بەڵام تائێستاش ڕێگای زۆر ماوە ببڕین.

## بەکارهێنانی کوتان لە خانەی سەرپەرشتی کەسانی بە ساڵاچوو

4. ئێمە هەرگیز دیسانەوە نامانەوێت بگەڕێینەوە بۆ قۆناغێکی بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی پەتای نەخۆشیەکە لەناو خانەی سەرپەرشتی کەسانی بە ساڵاچوو کە زۆر لەو کەسانەی لەخانەی سەرپەرشتی دەژیان و کاریان دەکرد گیانیان لەدەستدا. لیژنەی هاوبەشی کوتان و بەرگری لەش (JCVI) ئەوەی دەستنیشانکرد کە ئەو کەسانەی لە خانەی سەرپەرشتی کەسانی بە ساڵاچوو دەژین و ستافەکانیان، بە گرووپی هەرە لەپێشینە دادەنرێن بۆ بڵاوکردنەوەی ڤاکسینەکە.

5. گرووپی کارکردنی کاری سۆشیاڵی گرووپی سەربەخۆی ئامۆژگاریی زانستی بۆ کتوپڕییەکان (SAGE)، تیشکیان خستە سەر ئەوە کە ئەو کەسانەی لە خانەی سەرپەرشتی کەسانی بە ساڵاچوو دەژین بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەری پەتای ڤایرۆسی کۆڤید-19 یان لەسەرە بەهۆی کۆمەڵێك لە مەترسی زیادبووی ئەنجامە خراپەکان دوابەدوای تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆڤید-19 وە مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەناو شوێنە داخراوەکان. دڵنیابوون لە ئاستی بەرزی کوتانی ئەو کەسانەی کە لەو شوێنانە دەژین و کاردەکەن بە دەستوەردان (تەدەخول)ێکی پێویستی دەزگای تەندروستی گشتی دادەنرێت بۆ نەخۆشیەکی مەترسیدار کە بە کوتان دەتوانرێت ڕێگری لێ بکرێت. ژینگەکانی هەمان گرووپی خەڵکیان تێدایە کە ڕۆژانە چەند جارێك پەیوەندی لەگەڵ یەکتری دەکەن لە نزیکەوە ڕێگا خۆشکەرن بۆ گواستنەوەی ڤایرۆسەکە بۆ گشت کەسەکان (کارمەندان و نیشتەجێبووان) بەشێوەیەکی خێراتر و گشتگیر زیاتر لەوەی لە شوێنە دانەخراوەکانی تر.

6. گرووپی کارکردنی کاری سۆشیاڵی (SAGE) ئامۆژگاریاندا کە تێکڕای بەکارهێنانی بەڕێژەی 80% لە ستافەکان و ڕێژەی 90% لە نیشتەجێبووان لەهەر خانەیەکی سەرپەرشتی کەسانی بەساڵاچوو پێویستە بۆ دابینکردنی کەمترین ئاستی پاراستن لە دژی پەتای ڤایرۆسی کۆڤید-19. ئەمە بۆ دۆزێکی تاك لە دژی ئەو جۆرە گۆڕاوەی ئێستای ڤایرۆسەکە. ئەم ڕێژانە نزمتر دەبن لە دۆزی دووەم، وە بەڵام دەرکەوتنی جۆری گۆڕاوی نوێی ڤایرۆسەکە ڕەنگە ئاستەکان زیاد بکات، کەواتە مەزندە کردنی کەمترین ئاستی بەکارهێنان دەکرێت بگۆڕێت.

7. بەکارهێنانی کوتان لە دژی ڤایرۆسی کۆڤید-19 بۆ خانەی سەرپەرشتی کەسانی بە ساڵاچوو مایەی سەرسوڕمان بوو وە سوپاس بۆ بەرپرسانی سەرتاسەری خزمەتگوزاری NHS، بەشی کاری سۆشیاڵ، وە حکومەتی خۆجێی. هەتا ڕێکەوتی 4 ی ئەپریلی 2021، بە لانیکەم ڕێژەی 94.1% لەو کەسانەی مافی کوتانیان هەیە لە گشت خانەکانی سەرپەرشتی کەسانی بە ساڵاچوو لەناو ئینگلاند دۆزی یەکەمی کوتانەکەیان وەرگرت. هەتا ڕێکەوتی 4 ی ئەپریلی 2021، بە لانیکەم ڕێژەی 78.9% لەو کارمەندانەی مافی کوتانیان هەیە لە گشت خانەکانی سەرپەرشتی کەسانی بە ساڵاچوو لەناو ئینگلاند دۆزی یەکەمی کوتانەکەیان وەرگرت. لەو کاتەی تێکڕای بەکارهێنانی کوتانەکە هەفتە بە هەفتە کەم دەبێتەوە بە هێواشی، وە کۆی ژمارەکە بە ڕێژەی 78.9%ی فەرمانبەرانە کە جیاوازیەکی گەورە دەشارێتەوە لەسەر ئاستی خانەکانی سەرپەرشتی کەسانی بە ساڵاچوو لەسەر ئاستی هەرێمی و خۆجێی و تاکی. لە ڕێکەوتی 8 ی ئەپریلی 2021 ـەوە، 89 فەرمانگەی خۆجێی کوتانی کارمەندیان لە ژێر ڕێژەی 80% دایە، لەوانەش گشت 32 بۆرۆیەکانی لەندەن. 27 فەرمانگەی خۆجێی ڕێژەی کوتانیان لە ژێر 70% دایە.

8. لە ئەنجامی ئەمە، تائێستاش ژمارەیەکی زۆر لە خانەی سەرپەرشتی کەسانی بە ساڵاچوو ئاستی پاراستنی پێویستیان بەدی نەهێناوە وەك لەلایەن گرووپی (SAGE) ئامۆژگاری درا بۆ کەم کردنەوەی مەترسی پەتای نەخۆشیەکە. لەبەرئەوە، تائێستاش بیانووێکی بەهێز هەیە بۆ داخڵکردنی داوایەکی نوێ لەپێناوی ئەوەی ژینگە زۆر مەترسیدارەکان بەپێی توانا سەلامەت بێت لە کاریگەری تێکدەرانەی پەتای ڤایرۆسی کۆڤید-19.

## ئەوەی حکومەت کردوویەتی بۆ هاندانی زیادکردنی کوتان

9. لە ڕێکەوتی 13 ی فێبریوەری 2021، ئێمە پلانی گەیاندنی کوتان لە دژی ڤایرۆسی کۆڤید-19مان بڵاوکردەوە لەناو بەریتانیا، پرۆگرامێکی گرنگی کاری بەردەوامان دیاریکرد بۆ هاندانی زیادکردنی کوتان، لەوانەش ڕێکارەکان بۆ باشترکردنی دەستگەیشتن و چارەسەری نیگەرانیەکانی ئەو کەسانەی ڕەنگە دوودڵی بکەن لە وەرگرتنی کوتان. ئێمە هەروەها بەرنامەیەکی کار پێشکەش دەکەین بۆ هاوکاری کردنی زیادکردنی کوتان لەنێوان ستافەکانی چاودێری سۆشیاڵ وە بە دیاریکراوی ستافەکانی خانەی سەرپەرشتی کەسانی

بەساڵاچوو، وە کارکردن لەگەڵ خاوەن بەرژەوەندیەکانی نیشتمانی و خۆجێی، لەوانەش بەڕێوەبەرانی خانەی سەرپەرشتی.

10. ئێمە کارمان کردووە بۆ ئەوەی وابکەین ئەو کەسانەی لەناو خانەی سەرپەرشتی کەسانی بە ساڵاچوو دەژین و کاردەکەن دەستیان بگات بە کوتان – تیمەکانی کوتان سەردانی خانەکانی سەرپەرشتیان کرد بۆ ڕاستەوخۆ پێدانی ڤاکسین پێیان. خزمەتگوزاریی NHS ی ئینگلاند کەمترین خشتەی چوار- سەردانی بەڕێوە دەبات بۆ هەر کەسێکی گەورەی خانەی سەرپەرشتی. بۆ ئەو کارمەندانەی لەوێ نەبوون لەکاتی سەردانی تیمی کوتان بۆ خانەی سەرپەرشتی، دەستگەیشتن بە ڕێگای خزمەتگوزارییەکانی تری کوتان بەردەستن. ئێمە هەروەها خزمەتگوزاریی حیجزکردنی نیشتمانیمان کردەوە بۆ 7 هەفتە بۆ ئەوەی کارمەندانی چاودێری سۆشیاڵی بەرەی پێشەوە بتوانن مەوعیدەکانی خۆیان حیجز بکەن. لە ڕێکەوتی 1ی ئەپریل، کارمەندانی خانەی سەرپەرشتی دەتوانن کوتان ڕاستەوخۆ ساز بکەن بە ڕێگای پزیشکی گشتی GP ی خۆیان.

11. بۆ ئەوەی هەر پرسێك و نیگەرانیەك چارەسەر بکرێت لەناو خانەکانی سەرپەرشتی کەسانی بە ساڵاچوو (وە هێزی کاری بەرفراوانی چاودێری سۆشیاڵ)، ئێمە هەڵساین بە پێشکەش کردنی پرۆگرامێکی پەیوەندیکردنی بەرفراوان. ئەمە بریتیە لە:

- کەرستەکانی پەیوەندیکردنی تەرخانکراو (پۆستەرەکان، ڤیدیۆکان، بلاوکراوەکان، وە پشکەکانی سۆشیاڵ میدیای کە دەتوانرێت هاوبەشی پێ بکرێت) هاوبەشی پێکراوە لە سەرتاسەری بەرنامەی سەرپەرشتی خۆمان، ڕۆژنامەی هەفتانە، وە چاودێری سۆشیاڵی کەسانی گەورە وە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و کەناڵەکانی کۆمەڵایەتی چاودێری سۆشیاڵ
- هەڵمەتێکی ڕێکلام کردنی بە پارە بۆ بە ئامانج گرتنی کارمەندانی چاودێری سۆشیاڵ لەگەڵ ڕێکلام کردنی دیجیتاڵ بۆ بنیادنانی متمانە بە کوتانەکە و هاندانی حیجزکردنی مەوعید لەسەر خزمەتگوزاریی حیجزکردنی نیشتمانی
- کۆمەڵێك کەلوپەلی خاوەند بەرژەوەندیەکان (پرسیار و وەڵام، کەرستەکانی ڕێنمایی و پەیوەندیکردنەکان) کە هەفتانە زیاربیەکان نوێ دەکرێنەوە
- ناردنی پەیامی پۆزەتیڤ بە بەکارهێنانی کەسانی خاوەن پێگە، بەرپرسان و کارمەندانی خانەی سەرپەرشتی کە پێشتر کوتانیان بۆ کراوە بۆ بەهێزکردنی متمانە بەخۆکردن و چارەسەری زانیاریە هەڵەکان
- ناوەرۆکەکە بە زمانی جیاواز پوختەی دانیشتنەکان بێت لەگەڵ گروپە ئاینیە جیاوازەکان کە ئارەزووی خۆیان دەربڕن لە گرنگیدان بە بەشداریکردن لە ناوەرۆکی کوتانەکە و وەك باڵوێز کار بکەن.

12. بەردەوام دەبین لە کارکردن لەگەڵ خاوەن بەرژەوەندیەکان بۆ دیاریکردنی ڕێکاری زیاتر لەسەر ئاستی خۆجێی و نیشتمانی بۆ زیادکردنی کوتان وەرگرتن. وەك بەشێك لەمە، ئێمە ئامانجمان ئەوەیە هاوکاری پێشکەش بکەین بۆ خانەکانی سەرپەرشتی کەسانی بە ساڵاچوو کە ڕێژەی کوتان وەرگرتن تێیاندا نزمە، وەکو لەناو لەندەن [لە ڕێکەوتی 4 ی ئەپریلی 2021، تێکرای کوتان وەرگرتن لەناو کارمەندانی خانەی سەرپەرشتی کە مافی کوتانیان هەیە] گەیشتە ڕێژی 67.8%، بە بەراورد بە ناوچەی باشووری ڕۆژئاوا گەیشتەڕێژەی 82.4%. هەموو ئەمە کاری خۆجێی تەواوی دەکات، لەلایەن خاوەنکارەکان، فەرمانگەکانی خۆجێی، تیمەکانی تەندروستی گشتی و کەسانی تر.

13. لەگەڵ ئەم هەوڵانەش، ئاستی کوتان وەرگرتن لەناو کارمەندانی خانەی سەرپەرشتی بەڕێکوپێکی لەو ئاستەدا نین کە ئێمە دەیزانین لە ئامۆژگاریی گروپی SAGE کە پێویستە بۆ کەم کردنەوەی مەترسی پەتای نەخۆشیەکە. ئەوە پێویستە کە پێکەوە ئێستا هەموو هەنگاوێکی پێویست بگرینەبەر بۆ کەم کردنەوەی مەترسی بلاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە بۆ ئەو کەسانەی زۆر لە مەترسی تووشبوونن بە ڤایرۆسی کۆڤید-19 وە ئەو کەسانەی کە سەرپەرشتیان دەکەن. ئێمە دەبێ ئەو کەسانە بپارێزین کە لەناو خانەی سەرپەرشتی دەژین، وە ئێمە دەبێ هێزی کار بپارێزین کە ڕۆڵی خۆیان بەشێوەیەکی کاریگەر ئەنجام دەدەن. کوتان ڕێگایەکی سەلامەتە و کاریگەرە بۆ ڕێگریکردن لە بلاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید-19. ئەوە ڕاستە کە حکومەت ئێستا هەوڵدەدات بۆ دڵنیابوون لەو کەسانەی بلاویان دەکاتەوە لەناو خانەی سەرپەرشتی کەسانی بەساڵاچوو کە خۆیان کوتابێت بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بپارێزێت لەناو ئەم شوێنانە.

## نیازی سیاسەتەکە

14. ئێمە پێشنیار دەکەین بۆ هەمواركردنی ڕێسایەکان بۆ ئەوەی داوا بکرێت لە دابینکەرانی خانەی سەرپەرشتی کەسانی بە ساڵاچوو ئەو کارمەندانە بڵاو بکەنەوە کە خۆیان کوتاوە دژی ڤایرۆسی کۆڤید-19 شان بەشانی ڕێنماییەکانی حکومەت. ئەمە ئەوانە ناگرێتەوە کە بەڵگە پێشکەش بکەن کە لێخۆشبوونیان هەیە بە هۆکاری پزیشکی لە کوتان دژی ڤایرۆسی کۆڤید-19. ئێمە هەروەها نیازمان وایە ڕێساکانی کارپێکردن هەموار بکەینەوە سەبارەت بە ڕێگریکردن و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیەکان بۆ ڕونکردنەوەی مەرجەکە. ئێمە ڕاوێژکاریی ئەم سیاسەتە دەکەین و ئایا دەبێ درێژبکرێتەوە بۆ ئەوەی پسپۆڕانی تریشی تێدابێت کە سەردانی خانەی سەرپەرشتی دەکەن، بۆ نموونە کارمەندانی خزمەتگوزاریی NHS گرنگی پێدانی کەسیی لە نزیکەوە پێشکەش دەکەن بۆ ئەو کەسانەی لە خانەی سەرپەرشتی دەژین.

15. زۆر شوێنی تر ی چاودێری سۆشیاڵ و چاودێری تەندروستی هەیە، کە تێیدا ئەو کەسانە لە زۆرترین مەترسی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆڤید-19 دەبن لەو کاتەی سەرپەرشتی و چاودێری دەکرێن لە شوێنە داخراوەکانی ئاستی مەترسیان بەرزە. ئێمە ئەم سیاسەتە لەژێر پێداچوونەوە دەهێڵینەوە لەسەر بنچینەی بەردەوام و ڕەچاوی ئەوە دەکەین کە بەم نزیکانە ئەوە پێویستە ئەم سیاسەتە فراوان بکرێت و درێژ بکرێتەوە بۆ بەشەکانی تری چاودێری سۆشیاڵی کەسانی گەورە و بەشەکانی تەندروستی.

## گۆڕانی یاسایی پێشنیارکراو

16. ئێمە پلان دادەنێین بۆ جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتە بە ڕێگای هەمواركردن بۆ یاسای چاودێری سۆشیاڵ و تەندروستی ساڵی 2008 (چالاکیە ڕێکخراوەکان) ڕێساکانی ساڵی 2014. ئێمە پێشنیار دەکەین کە مەرجەکە بخەینە ناو ئەحکامێکی نوێ لە ستانداردە بنچینەییەکان لەناو بەشی 3 ی ڕێساکان، ئەگەری زۆرە لە ناو ڕێسای 12 بێت (کە پەیوەستە بە سەرپەرشتی و چارەسەری سەلامەت) وەك تەواوکەری بۆ ڕێسای 12(2)(h)، کە پێویستی بەوەیە، وەك بەشێکی دابینکردنی سەرپەرشتی و چارەسەری سەلامەت، دابینکەرانی خزمەتگوزاری دەبێ هەڵسەنگاندن بکەن بۆ مەترسی تووشبوون بە نەخۆشیەکە، و ڕێگریکردن لێی، و دۆزینەوە و کۆنترۆڵکردنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە لەوانەش ئەوانەی پەیوەستن بە چاودێریی تەندروستی. ئێمە هەروەها ڕێسای کارپێکردن سەبارەت بە ڕێگریکردن لە تووشبوون بە نەخۆشی و کۆنترۆڵکردن هەموار دەکەینەوە وە هەروەها ڕێنمایی پەیوەندیداریش، کە دەردەچێ لەلایەن وەزارەتی دەرەوە بەپێی بڕگەی 21 ی یاسای چاودێری سۆشیاڵ و تەندروستی ساڵی 2008 وە کە دابینکەرانی خزمەتگوزاریی دەبێ پابەندبن پێوەی لەکاتی پابەندبوونیان بە مەرجەکان بەپێی ڕێسای 12ی ڕێساکان. ڕەشنووسی هەموارکردنەکانی سەر ڕێساکانی کارپێکردن بڵاوکرایەوە شان بەشانی ئەم ڕاوێژکارییە (سەیری پاشکۆی A بکە).

17. بەهۆی گرنگی ئەم بابەتە، ئێمە نیازمان وایە بەخێرایی یاسایەکە بگۆڕین. ئەوە نیازی ئێستای ئێمەیە سەبارەت بە کارمەندان لەناو خانەی سەرپەرشتی کردن کە داوابکرێت بۆ ئەوەی زانیاری دەربارەی بارودۆخی کوتان دژی ڤایرۆسی کۆڤید-19 بەردەوام نوێ بکرێتەوە. ئەمە لەژێر پێداچوونەوە دادەنرێت.

ئایاچۆن هەست دەکەیت دەربارەی مەرجی پێشنیارکراو بۆ کارمەندان لە خانەکانی سەرپەرشتی کەسانی بە ساڵاچوو بۆ ئەوەی خۆیان دەبێ بکوتن دژی ڤایرۆسی کۆڤید-19؟

- پشتگیریکەرە
- زۆر پشتگیریکەرە
- نە پشتگیریکەرە و نە پشتگیریکەر نیە
- کەمێك پشتگیریکەر نیە
- پشتگیریکەر نیە
- نازانم
- پەیوەست نیە

تکایە وردەکاریی بدە بۆ پشتگیری کردنی وەڵامەکەت.

# خانەی سەرپەرشتی کەسانی بە ساڵاچوو

18. ڕێسا پێشنیارکراوەکان دەبێ جێبەجێ بکرێت بۆ هەر خانەیەکی سەرپەرشتی کە بەلانیکەم کەسێکی لە سەرووی تەمەنی 65 ساڵان لەخانەکە دژی لەناو ئینگلاند وە هەروەها تۆمارکراوە لەگەڵ کۆمسیۆنی کوالیتی سەرپەرشتی. ئەمە مەزندە دەکرێت بە نزیکەی 10,000 خانەی سەرپەرشتی.

ئایا هاوڕایت لەگەڵ بەکارهێنانی ئەم پێناسەیە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کام خانەی سەرپەرشتی ئەم ڕێسایەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت؟

- بەڵێ
- نەخێر
- نازانم
- پەیوەست نیە

ئایا چ نیگەرانیەکت هەیە دەربارەی ئەم پێناسەیە؟

ئایا هیچ نیگەرانیەکت هەیە دەربارەی پرۆژە پێشنیارەکە بۆ سنووردانانی ئەم سیاسەتە بۆ خانەی سەرپەرشتی کەسانی بە ساڵاچوو؟

19. گروپی کاری چاودێری سۆشیاڵی SAGE ئامۆژگاریدا کە ئەوە مەرجێکی گونجاو و ماقوڵە جێبەجێ بکرێت لە خانەی سەرپەرشتی کەسانی بە ساڵاچوو وەك شوێنێك کە تێیدا مەرجی کوتان ڕەنگە گونجاو بێت. خانەی سەرپەرشتی کەسانی بە ساڵاچوو نیشتەجێبووانی تێدایە کە تەمەنیان لە ناوەڕاستی زیاتری 80 ساڵیە، لەگەڵ نەخۆشی هاوبەشی زۆریان هەیە. ڕەنگە هەندێك لەو کەسانەی لەوێ دەژین خەڵەفاون و کێشەی دەماری و ڕەفتارییان هەبێت کە توانایان لاواز دەکات لە پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکانی نەهێشتنی نەخۆشیەکە. لەو شوێنە داخراوانە، ڕەنگە کارمەندان سەرپەرشتی پێشکەش بکەن بۆ زۆر لە نیشتەجێبووان پەیوەندیی زۆریان لەگەڵیان هەبێت، لەگەڵ چەندین نیشتەجێبوو وە لەگەڵ کارمەندانی تر. ئەم ئاستی کارکردن و هەڵسوکەوت کردنە ڕەنگە ببێتە هۆی گواستنەوەی کاریگەری ڤایرۆسی کۆڤید-19 (وە نەخۆشیە درمەکانی تر) لەگەڵ ئاکامی توند و خراپ بۆ هەندێك کەس. مەزندەکردنەکانی ئێستا بۆ ڕێژەی کەیسەکانی مردن نزیکەی ڕێژەی 20% – نزیکەی دوو ئەوەندەی ئەو کەسانەی هەمان تەمەن دەبێت کە لە دەرەوەی شوێنەکانی خانەی سەرپەرشتین. کوتان وا پێشبینی دەکرێت کە بەشێوەیەکی بەرچاو ئاکامە خراپەکان سووك دەکات.

ئایا هیچ نیگەرانیەکت هەیە دەربارەی پرۆژە پێشنیارەکە بۆ سنووردانانی ئەم سیاسەتە بۆ خانەی سەرپەرشتی کەسانی بە ساڵاچوو؟

- بەڵێ
- نەخێر
- نازانم

تکایە وەڵامەکەت ڕون بکەوە.

# ئەو کەسانەی پێویستیان بە کوتانە

20. ئەوە نیازی ئێمەیە کە مەرجی کوتان دەبێ لەسەر گشت ستافەکانی بڵاوکراونەتەوە لەناو خانەی سەرپەرشتی جێبەجێ بکرێت وە بەلانیکەم هاوکاری کەسێکی بەساڵاچووی سەروو تەمەنی 65 ساڵی بکەن. ئەمە دڵنیایی دەدات کە ئەنجامدانی کوتان کارمەندان و ئەو کەسانە دەپارێزێت کە لەناو خانەی سەرپەرشتی دەژین وە پارێزگاری دەکات لە دژی مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەناو خانەی سەرپەرشتی. ئەمە شان بە شانی ئامۆژگاری لە گرووپی چاودێری سۆشیاڵی SAGE.

21. ئەمە گشت ئەو کارمەندانە دەگرێتەوە کە ڕاستەوخۆ لەلایەن خانەی سەرپەرشتی دامەزراون یان لەلایەن دابینکەری خزمەتگوزاریی خانەی سەرپەرشتی (بەشێوەی فولتایم یان پارتایم)، وە ئەوانەی لەلایەن ئاژانسێکەوە دامەزراون وە دابەشکراون لەلایەن خانەی سەرپەرشتیەکە، وە خۆبەخشەکانی دابەشکراون لەناو خانەی سەرپەرشتیەکە. وە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆ پێشکەش دەکەن وە ئەوانەی لەناو خانەی سەرپەرشتی کاردەکەن وە بە ڕۆڵی تر هەڵدەستن، وەکو کارمەندانی پاککردنەوە و ستافەکانی مەتبەخ. وە ئەوە دەگونجێ لەگەڵ ڕێبازی ئێمە بۆ پشکنینی ڤایرۆسی کۆڤید-19 لەناو خانەی سەرپەرشتی.

22. ڕەچاوکردنی زیاتر پێویستە دەربارەی ئەوەی ئایا ئێمە مەرجەکان فراوانتر دەکەین بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بگرێتەوە کە دێن بۆ ناو خانەی سەرپەرشتیەکە بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی پسپۆڕی، یان سەرپەرشتی تر و هاوکاری. دەتوانرێت بووترێت کە ئەم سیاسەتە دەبێ درێژ بکرێتەوە و ئەو پسپۆڕانە بگرێتەوە کە سەردانی دەکەن، بەتایبەتیش ئەوانەی گرنگیدانی کەسیی کە نزیکەوە پێشکەش دەکەن، وەکو کارمەندانی تەندروستی و سەرپەرشتی. دەتوانرێت هەروەها سەرتاشەکان یان بەرپرسانی ئایینی میوانیش بگرێتەوە. ئێمە هەروەها بەوردی بیردەکەینەوە لە بارودۆخی 'پێشکەش کەرانی سەرپەرشتی پێویست' – ئەو هاوڕێ یان خێزانەی کە ڕێککەوتوون لەگەڵ خانەی سەرپەرشتیەکە کە بە بەردەوامی سەردانی دەکەن و سەرپەرشتی کەسیی پێشکەش دەکەن. ئێمە تێگەیشتنمان هەیە کە ڕەچاوکردنی سەرەکی هەیە بۆ کۆمەڵێك کەس کە ڕەنگە بێن بۆ خانەی سەرپەرشتیەکە وە پێشوازی لە بۆچوونەکانت دەکەین لە پرسیارەکانی ڕاوێژکاری خوارەوە.

23. ئێمە نیازمان نیە ئەم سیاسەتە فراوان بکەین و بۆ ئەوەی ئەو هاوڕێ و ئەندامانەی خێزان بگرێتەوە کە سەردانی ئەو کەسانە دەکەن لەناو خانەی سەرپەرشتی دەژین – تەنها پێشکەش کەرانی سەرپەرشتی پێویست نەبێت کە ئێمە بە وردی ڕەچاوی دەکەین کە باشترین ڕێباز چییە. کروپی کارکردنی چاودێری سۆشیاڵی SAGE ئامۆژگاریدا کە هاوسەنگیەك هەیە دەبێ بەدی بێت لەنێوان مەترسی کەسێکی خۆشەویست کە سەردانی دەکات و ڤایرۆسەکە دەگوازێتەوە، بەرامبەر سوودەکانی خۆشگوزەرانی بۆ ئەوانەی لەناو خانەی سەرپەرشتی دەژین. ئێمە بێگومان هانی هاوڕێیان و ئەندامانی خێزان دەدەین کە سەردانی خانەی سەرپەرشتی دەکەن بە زووترین کات خۆیان بکوتن ئەگەر دەتوانن هەرچەندە، چەند میوانەکان بە وردی پەیرەوی ئامۆژگاریی ناو ڕێنماییەکەمان بکەن، پێمان وانیە مەرجەکە فراوان بکرێت بۆ خێزانە میوانەکان. ئێمە پێشوازی لە بۆچوونەکانت دەکەین لە پرسیارەکانی ڕاوێژکاری خوارەوە.

کام لەو کەسانەی کاردەکەن یان سەردانی خانەی سەرپەرشتی کەسانی بەساڵاچوو دەکەن دەبێ مەودای سیاستەکە بیانگرێتەوە؟

- تەنها ستافەکانی بە پارە کاردەکەن بڵاوکراونەتەوە لەناو خانەی سەرپەرشتی
  - o بەڵێ
  - o نەخێر
  - o هیچ بیروڕا نیە
- ستافەکان کاردەکەن بۆ دابینکەری خانەی سەرپەرشتی کە کاردەکەن لە باڵەخانەیەکی جیا لە خانەی سەرپەرشتی بەڵام ڕەنگە هەندێك جار سەردانی خانەی سەرپەرشتی بکەن (بۆ نموونە ساتەفەکانی لە ئۆفیسێکی دەرەوەی شوێنەکە کاردەکەن)
  - o بەڵێ
  - o نەخێر

- هیچ بیروڕا نیە
- پسپۆڕانی تەندروستی بە بەردەوامی سەردانی خانەی سەرپەرشتیەکە دەکەن و گرنگی پێدانی کەسیی لە نزیکەوە پێشکەش دەکەن بۆ ئەو کەسانەی لەناو خانەی سەرپەرشتیەکە دەژین
  - بەڵێ
  - نەخێر
  - هیچ بیروڕا نیە
- پسپۆڕانی تر گرنگی پێدانی کەسیی لە نزیکەوە پێشکەش دەکەن بۆ ئەو کەسانەی لەناو خانەی سەرپەرشتیەکە دەژین، بۆ نموونە، سەرتاشەکان
  - بەڵێ
  - نەخێر
  - هیچ بیروڕا نیە
- گشت پسپۆڕان کە دێنە ناو خانەیەکی سەرپەرشتی بەبێ گوێدانە ڕۆڵی ئەو کەسانە، بۆ نموونە، کارەباچی، بۆریچی، پسپۆڕی چارەسەر بە هونەر، پسپۆڕی چارەسەر بە میوزیك
  - بەڵێ
  - نەخێر
  - هیچ بیروڕا نیە
- هاوڕێیان و ئەندامانی خێزان دیاریکراون وەك 'سەرپەرشتکاری پێویست' کە بە بەردەوامی سەردانی دەکەن و گرنگی پێدانی کەسیی لە نزیکەوە پێشکەش دەکەن
  - بەڵێ
  - نەخێر
  - هیچ بیروڕا نیە
- هەموو هاوڕێیان و خێزان کە ڕەنگە سەردان بکەن
  - بەڵێ
  - نەخێر
  - هیچ بیروڕا نیە
- خۆبەخشان
  - بەڵێ
  - نەخێر
  - هیچ بیروڕا نیە
- هی تر (تکایە دیاری بکە)

# لێخۆشبوونەکان (هەڵاوێردن)

24. ژمارەیەکی کەم لە خەڵك هەیە کە ئامۆژگاری پزیشکی ئەوەیە کوتان دژی ڤایرۆسی کۆڤید-19 گونجاو نیە بۆیان. ئێمە تەئکید دەکەینەوە کە ڕێساکان ڕێگا بە لێخۆشبوونەکان دەدەن لەسەر بنەمای پزیشکی. ڕەشنووسی ڕێساکان دەنووسرێن شان بە شانی کتێبی سەوز سەبارەت بە کوتان و بەرگری لەش دژی نەخۆشیە درمەکان (کۆڤید-19: کتێبی سەوز، بەشی 14a) وە لیژنەی هاوبەشی کوتان و بەرگری لەش (JCVI) کە باسی ئامۆژگاری پزیشکی دەکات. کەسانێك لێخۆشبوونیان دەبێ لە مەرجەکە ئەگەر ئەوان هەستیاری واتا حەساسیەت یان بارودۆخێکیان هەبێت کە لە کتێبی سەوز نووسراوە (بەشی 14a، لاپەڕەی 16) وەك هۆکارێك بۆ ئەوەی کوتانێکیان پێنەدرێت، بۆ نموونە کاردانەوەی حەساسیەتی پێشوەخت بۆ پێکهاتەیەکی ناو کوتانەکە، لەوانەش مادەی پۆلی ئەتیلین گلایکۆل (PEG). هەندێك کەس حەساسیەت یان بارودۆخێکیان هەیە کە کتێبی سەوز و لیژنەی هاوبەشی کوتان و بەرگری لەش JCVI ئامۆژگاری دەدات بۆ ئەوەی داوای ئامۆژگاریی پزیشکی بکەیت، پێش ئەوەی ڤاکسینەکە وەربگریت، دەبێ داوای بیروڕای پسپۆڕێکی پزیشکی وەربگیرێت سەبارەت بەوەی ئایا کەسەکە دەبێ لێخۆشبوونی هەبێت لە کوتان. لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی هیچ ئاماژەیەکی سەلامەتی دیاری نەکراوە سەبارەت بە کوتانی ئافرەتانی سکپڕ. لیژنەی هاوبەشی کوتان و بەرگری لەش جیف بەردەوامە لە پێداچوونەوەی داتاکان سەبارەت بە مەترسیەکان و سوودەکانی کوتان بۆ ئافرەتانی کە بەبێ کێشەی گەورەی شاراوەی تەندروستین. هەر کە بەڵگەکان بەردەست بوون، پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت و لەکاتی پێویست ئامۆژگاری پێشکەش دەکرێت.

25. حکومەت توێژینەوە دەکات لەسەر ڕێگای کەمتر بارگرانی بۆ ئەوەی خەڵك جێگیری بکات بۆ خاوەنکارەکان کە ئەوان لێخۆشبوونیان هەیە لە کوتان وەرگرتن لەبەر هۆکاری پزیشکی.

26. ئەم سیاسەتە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت ئەگەر بەربەستی گەورە هەبوو ڕێگری بکات لەو کارمەندانەی مافی کوتان وەرگرتنیان هەیە لە کاتی خۆی بەشێوەیەك دەستیان پێی بگات، وەکو بەهۆی کێشەکانی دابینکردنی ڤاکسین یان گۆڕانەکان لە ڕێنمایی کلینیکی نیشتمانی. بۆ نموونە ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەگەر کێشەکانی دابینکردنی ڤاکسین ئەستەمی بکات بۆ ئەندامێکی ستافەکان بۆ دەستگەیشتنی بە کوتانەکە لە دوورییەکی گونجاوی هاتوچۆ کردن، ئەوا مەرجەکە ئەو کارمەندە ناگرێتەوە تاکو کێشەی دابینکردنی ڤاکسینە چارەسەر دەکرێت.

27. حکومەت پەیڕەوی [ئامۆژگاری لیژنەی JCVI] دەکات، کە ئەوە دیاری دەکات وەك هۆشداریدانێك، وا باشە دەزانرێت بۆ کەسانی خوار تەمەنی 30 ساڵانی بەبێ حاڵەتی شاراوەن دەبێ جێگرەوەیەکی ڤاکسینی ئۆکسفۆرد/ئەسترازینیکا Oxford/AstraZeneca بدرێت پێیان کاتێك بەردەست بێت.

ئایا هاوڕایت یان هاوڕا نیت لەسەر ئەوەی کە ئەو گروپانەی خەڵك کە لێخۆشبوونیان هەبێت لەم مەرجە؟

- بە توندی هاوڕام
- مەیلەو هاوڕام
- نە هاوڕام و نە هاوڕانیم
- مەیلەو هاوڕانیم
- بە توندی هاوڕانیم
- نازانم
- پەیوەست نیە

ئایا کێی تر دەبێ لێخۆشبوونیان هەبێت لەم مەرجە؟

## جێبەجێ کردن

28. بەڕێوەبەرانی خانەی سەرپەرشتی لە کۆتاییدا بەرپرسیارن لە سەلامەتی ئەو کەسانەی لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری ئەوان دەژین. بەپێی گۆڕانی پێشنیارکراو لە ڕێساکان، لەبەرئەوە بەرپرسیارێتی ئەوان دەبێت بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە بەڵگەکان بکەن لەسەر ئەوەی کە ئەو کارمەندانەی بڵاو دەکرێنەوە دابەش دەکرێن لەناو خانەی سەرپەرشتی دەبێ کوتانیان وەرگرتبێت، یان لێخۆشبونیان هەبێت لە کوتان. ئەمە مانای ئەوەیە کە کارمەندان پێویستە بەڵگە پێشکەش بکەن بۆ بەڕێوەبەرەکە کە ئەوان کوتانیان وەرگرتووە.

29. حکومەت بە وردی بیردەکاتەوە لە باشترین ڕێگا بۆ خەڵك بۆ ئەوەی بیسەلمێنن بۆ خاوەنکارەکانیان کە کوتانیان وەرگرتووە. ئەمە ڕەنگە بریتی بێت لە بۆ نموونە پێشاندانی باری ڤاکسین کردن لەسەر بەرنامەی تەلەفۆنی مۆبایلەکەیان mobile phone app.

ئەم پرسیارە تایبەتە بە بەڕێوەبەرانی خانەی سەرپەرشتی چونکە دەمانەوێت تێبگەین چۆن بەڕێوەبەرانی خانەی سەرپەرشتی وەڵامی ئەو کارمەندانە دەدەنەوە کە کوتانیان وەرنەگرتووە.

کارمەندەکانتان پێویستە بتوانن پێشانی بدەن کە ئەوان کوتانیان وەرگرتووە. ئایا چۆنت پێ باشە ئەوان ئەوە بکەن؟

- بەرنامەی مۆبایل
- دانپێدانانی خۆیی بە نووسین
- دانپێدانانی زارەکی
- نازانم
- هی تر (تکایە دیاری بکە)
- پەیوەست نیە

ئەم پرسیارە تایبەتە بە ستافەکانی ناو خانەی سەرپەرشتی هەروەك ئەوان تەرکیز دەکەن لەسەر لایەنە کرداریەکانی سەلماندنی باری ڤاکسین وەرگرتن.

تۆ پێویستە بتوانیت پێشانی بدەیت کە کوتانت ڤاکسینت وەرگرتووە. ئایا چۆنت پێ باشە ئەوان ئەوە بکەن؟

- بەرنامەی مۆبایل
- دانپێدانانی خۆیی بە نووسین
- دانپێدانانی زارەکی
- نازانم
- هی تر (تکایە دیاری بکە)
- پەیوەست نیە

ئەم پرسیارانە تایبەتن بە فەرمانگە خۆجێیەکان و هاوبەشەکانی خزمەتگوزاریی NHS هەروەك ئەوان تەرکیز دەکەن لەسەر توانایان لە ڕێگاپێدانی خزمەتگوزارییەکان.

ئایا هیچ نیگەرانیەکت هەیە دەربارەی کاریگەری مەرجە پێشنیارکراوەکە لەسەر توانایان لە ڕێگاپێدانی خزمەتگوزارییەکان؟

- بەڵێ
- نەخێر
- نازانم
- پەیوەست نیە

ئایا چ نیگەرانیەکت هەیە دەربارەی کاریگەری مەرجە پێشنیارکراوەکە لەسەر توانایان لە ڕێگاپێدانی خزمەتگوزارییەکان؟

30. حکومەت بیر لەوە دەکاتەوە ماوەی ڕێگاپێدان چەند بێت بۆ کارمەندانی نوێ و ئێستای ناو خانەی سەرپەرشتی پێش ئەوەی داوایان لێ بکرێت بۆ کوتان واتا ڤاکسین کردن.

31.ئەوە پێشبینی کردنی ئێمەیە کە بەڕێوەبەرانی خانەی سەرپەرشتی تۆماری کوتان واتا ڤاکسین کردن دەپارێزن وەك بەشێکی دامەزراندنی کارمەندان وتۆمارەکانی تەندورستی پیشەیی.

ئایا ئەم سیاسەتە چەند ئاسانە بۆ بەڕێوەبەرەکان بۆ جێبەجێ کردن لەناو خانەی سەرپەرشتی کەسانی بەساڵاچوو؟

- زۆر ئاسانە
- کەمێك ئاسانە
- نە ئاسانە و نە زەحمەتە
- کەمێك زەحمەتە
- زۆر زەحمەتە
- نازانم
- پەیوەست نیە

تکایە وردەکارییەکان دیاری بکە بۆ پشتگیری وەڵامەکەت.

## ڕۆڵی کۆمسیۆنی کوالیتی سەرپەرشتی

32. ئەوە نیازی ئێمەیە کە ئەم مەرجە بەشێک پێک دەهێنێت لە ستانداردەکانی بنچینەیی (دیاریکراوە لە یاسای چاودێری سۆشیاڵ و تەندروستی ساڵی 2008 (چالاکیە ڕێکخراوەکان) ڕێساکانی ساڵی 2014) وە چاودێری دەکرێت و جێبەجێ دەکرێت لە کەیسە گونجاوەکان، لەلایەن کۆمسیۆنی کوالیتی سەرپەرشتی (CQC). لەسەر هەر خانەیەکی سەرپەرشتی جێبەجێ دەکرێت کە هەر کەسێک لە سەرووی تەمەنی 65 ساڵی بێت و لەوێ دەژی. تێکڕای کوتانە تۆمارکراوەکان دەبێ بەشێک بێت لە کۆمەڵێک زانیاری کە کۆمسیۆنی CQC بیری لێدەکاتەوە لە دیاریکردنی ئەو شوێنانەی دەبێ پشکنینیان بۆ بکرێت.

33. لەکاتی تۆمارکردن و کاتێک پشکنین دەکرێت، بەڕێوەبەرانی خانەی سەرپەرشتی دەبێ بەڵگە بدەن کە کارمەندانیان کوتانیان بۆ کراوە بە ڤاکسینی دژی ڤایرۆسی کۆڤید-19 ی پەسندکراو لەلایەن ئاژانسی MHRA.

34. لە حاڵەتی پابەند نەبوون بە یاساکان، کۆمسیۆنی CQC ڕێبازێکی گونجاو تایبەت بە مەمەترسیەکان دەگرێتەبەر بۆ جێبەجێ کردن، وە سەیرکردنی گشت بەڵگەکانی دیارکراون و ئایا تاقیکردنەوەی بەرژەوەندی گشتی جێبەجێ کراوە یان نا، بەپێی سیاسەتی جێبەجێ کردن. کۆمسیۆنی CQC دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی مەدەنی هەیە وە لە مەترسی ترین حالەتەکان، وە جێبەجێ کردنی تاوانبارکردن لە تاوانبارکردنی دابینکەری خزمەتگوزاری یان بەڕێوەبەری تۆمارکراو ڕەنگە کارێکی گونجاو بێت.

35. بژاردەکانی جێبەجێ کردنی مەدەنی بەردەست بۆ کۆمسیۆنی CQC بریتیە لە دەرکردنی: ئاگادارینامەیەکی هۆشداریدان، دەرکردنی ئاگادارینامەیەکی پێشنیار/بڕیار بۆ هەڵپەساردنی، و گۆڕینی یان ڕەتکردنەوەی مەرجی تۆمارکردن، دەرکردنی ئاگادارینامەیەکی پێشنیار/بڕیار بۆ هەڵپەساردن یان ڕەتکردنەوەی مەرجی تۆمارکردن، کە ڕەنگە مەترسی هەبێت بۆ سەر ژیان، و تەندروستی یان خۆشگوزەرانیی کەسێک وە دەرکردنی ئاگادارینامەیەکی بە پەلەی بڕیاری هەڵپەساردن یان گۆڕینی مەرجی تۆمارکردن کاتێک مەترسی زیان پێگەیشتن هەبێت بۆ سەر کەسێک.

36. ڕێسای 12 مەرجێک دەسەپێنێ بەسەر دابینکەرانی سەرپەرشتی و بەڕێوەبەرانی تۆمارکراو بۆ پێشکەش کردنی سەرپەرشتی و چارەسەری سەلامەت. ئەمە بریتیە لە مەرجێک بۆ دابینکەرانی سەرپەرشتی و بەڕێوەبەرانی تۆمارکراو بۆ هەڵسەنگاندنی مەترسی، وە ڕێگریکردن، و پشکنین و کۆنترۆڵکردنی " بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە، لەوانەش ئەوانەی پەیوەستن بە چاودێری تەندروستی" ئەمە تەواو کراوە بو کۆدی IPC ی وەزارەتی دەوڵەت بەپێی بڕگەی 21 ی یاسای چاودێری سۆشیاڵ و تەندروتی ساڵی 2008. کە پێشێلکردنی ڕێسای 12 دەبێتە هۆی زیان پێگەیشتنێک کە دەتوانرێت خۆتی لێ بە دوور بگریت یان مەترسیەکی گەورە بۆ بەکارهێنەری خزمەتگوزارییەکە کە دەتوانرێت خۆی بەدوور بگرێت لێی. وە دابینکەری سەرپەرشتی یان بەڕێوەبەری تۆمارکراو ڕەنگە تاوانبار بێت بە ئەنجامدانی تاوانی سەرپێچی کردن، وە کۆمسیۆنی CQC بیرلەوە دەکاتەوە گرتنەبەری ڕێکارەکانی جێبەجێ کردنی ڕێکارەکانی تاوانکاری. بە ئاگادارینامەیەکی سزای پارەی جێگریکراو بەبڕی 2,000 پاوەند یان 4,000 پاوەند، سەبارەت بەو تاوانەی دابینکەری سەرپەرشتی یان بەڕێوەبەری تۆمارکراو ئەنجامیان داوە یەک بەدوای یەک.

## کاریگەری و کاردانەوەی سیاسەتەکە

37. شیکردنەوەی سەرەتایی ئەرکی یەکسانیی کەرتی گشتی (PSED) ئاماژە دەدات بەوەی کە کوتان واتا ڤاکسین کردن مەرجێکی بڵاوکردنەوەی کارمەندان بێت لەناو خانەی سەرپەرشتی کەسانی بە ساڵاچوو وە ڕەنگە کاریگەری گەورەی هەبێت لەسەر گروپە دیاریکراوەکان. بەتایبەتیش، کارمەندانی چاودێری سۆشیاڵی کەسانی گەورە کە ڕێژەی زۆری ئافرەت و کەسانی پێست ڕەش و ئاسیایی و کەمە نەتەوایەتیەکانی تێدایە. هەندێک بەڵگە هەن ئاماژە دەدەن بەوەی کە ئەم گروپانە ڕەنگە زۆرتر دوودڵ بن سەبارەت بە کوتان واتا ڤاکسین کردن بەشێوەیەکی گشتی و کوتان دژی ڤایرۆسی کۆڤید-19 بە دیاریکراوی لەبەرئەوەی کوتانەکە تازەیە. تائێستاش پرۆگرامێکی گەورەی کارکردن هەیە بۆ

چارەسەری ئەم نیگەرانیانە وەك بەشێکی کاری بەردەوام بۆ بۆ هاوکاری کردنی ڕێژەی کوتان بەدیاریکراوی لەناو کارمەندانی چاودێری سۆشیاڵی کەسانی گەورە و دانیشتوانی فراوانتر. ئێمە زۆر گرنگی دەدەین بە تێگەیشتنی دەتوانین چ شتێك زیاتر بکەین بۆ زامن کردنی ئەوەی ئەم گروپانە و هی تر کاریان تێنەکرێت بەشێویەکی جیاواز بەم سیاسەتە نوێیە وە چۆن دەتوانن چارەسەری ئەوە بکەین بە بەدیهێنانی خواستەکانمان بۆ پاراستنی گشت ئەو کارمەندانەی بڵاوکراونەتەوە و دەستکەوتنی هاوکاری بۆ شوێنەکانی خانەی سەرپەرشتی.

ئایا گروپی دیاریکراوی خەڵك هەن، وەکو ئەوانەی خاسیەتی پارێزراویان هەیە، وە ئەوانەی بەشێوەیەکی تایبەت سوود لەم سیاسەتە دەبینن؟

- بەڵێ
- نەخێر
- نازانم
- پەیوەست نیە

ئایا کام گروپی تایبەت ڕەنگە بەشێویەکی ئەرێنی و پۆزتیڤ کاریان تێبکرێت وە بۆچی؟

ئایا گروپی تایبەتی خەڵك هەن، وەکو ئەوانەی خاسیەتی پارێزراویان هەیە، کە بەدیاریکراوی بەشێوەیەکی نەرێنی واتا نێگەتیڤ کاریان تێبکرێت بەم سیاسەتە نوێیە؟

- بەڵێ
- نەخێر
- نازانم
- پەیوەست نیە

کام گروپی تایبەتی خەڵك هەن کە ڕەنگە بەشێوەیەکی نەرێنی واتا نێگەتیڤ کاریان تێبکرێت وە بۆچی؟

ئایا ئێمە چی دەکەین بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ئەوان بەشێوەیەکی نەرێنی واتا نێگەتیڤ کاریان تێنەکرێت؟

38. ئێمە نیازمان وایە کە هەڵسەنگاندنی یەکسانی کەرتی گشتی بڵاوبکەینەوە وەك بەشێکی وەڵامدانەوە بۆ ئەم ڕاوێژکارییە وە بە وردی بەدواداچوون بکەین بۆ کاریگەری ئەم سیاسەتە بەسەر زیادکردنی کوتان، لە حاڵەتی جێبەجێ کردنی.

39. پارێزگاریکردن لە کارمەندانی لێهاتوو و بە بەزەیی و گرنگی پێدەر، وە پارێزگاری کردن لە هێزی کار وە ئەو کەسانەی گرنگی بە سەلامەتی دەدەن، وە وادەکەن کارکردن لەناو چاودێری سۆشیاڵی کەسانی گەورە ببێتە بژاردەیەکی پیشەی سەرنج ڕاکێش و ئەوە لە نیازی سەرەکی ئەم سیاسەتەیە. ئێمە تەقدیری ئەو خۆبەخت کردنانە دەکەین کە ئەنجام دران بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم پەتای نەخۆشیەیە لەلایەن ئەو کەسانەی لەناو خانەی سەرپەرشتی کاردەکەن لەساڵی ڕابوردوو. ئێمە لەو باوەڕەداین کە پێشکەش کردنی ئەم سیاسەتە ڕەنگدانەوەی پێویستی هەنگاوی خێرایە وە بەمەبەستی خۆبەدوورگرتن لە مەترسیەکانی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە داهاتوو لەناو خانەی سەرپەرشتی کە دەتوانرێت خۆبەدوور بگیرێت. ئێمە بەردەوام دەبین لە هاوکاری کردنی دابینکەرانی خزمەتگوزاریی خانەی سەرپەرشتی و ئەندامانی ستافەکان بۆ دەستگەیشتن بە کوتان دژی ڤایرۆسی کۆڤید-19 وە بنیادنانی بەرەوپێش چوون کە پێشتر کراون. ئەمە بریتیە لە هاوکاریی 1 بۆ 1 لە کەسێکی متمانە پێکراو بۆ ئەوانەی کە هەر نیگەرانیەکیان هەبێت دەربارەی کوتان و بەردەوام دەبین بۆ دڵنیابوون، بەڕێگای پرۆگرامی کوتانی تایبەت بە خزمەتگوزاری NHS ، کە دەستگەیشتن بە کوتان چەند بتوانرێت ئاسانە بەشێویەکی بەردەوام.

40. ئەوە زانراوە کە هەندێك کەس کوتان واتا ڤاکسین وەرناگرن، هەتا ئەگەر کوتان لە ڕووی پزیشکیەوە سەلامەتیش بێت بۆیان لەم بارودۆخانە، لەم بارودۆخانەئەوان هیچی تر ناتوانن بڵاو بکرێنەوە لە ژینگەی ناو خانەی سەرپەرشتی وە پێویستە دابینکەرانی سەرپەرشتی لە خانەی سەرپەرشتی چارەسەری ئەوە بکەن بە ڕێگایەك نەبێتە هۆی تێکچوونی دابینکردنی سەرپەرشتیی سەلامەت و کوالیتی بەرز. ئێمە پرسیارێك دەکەین لەم ڕاوێژکارییە سەبارەت بە ئەگەری کاریگەری لەسەر ئاستی دامەزراندنی کارمەند، ئەگەر کارمەندانی خانەی سەرپەرشتی کارەکەیان بەجێ بهێڵن واز

بێنن لەجیاتی ئەوەی خۆیان بکوتن و ڤاکسین وەربگرن. وە ڕنگە ئەمە کێشەیەکی تایبەت بێت لە هەندێك ناوچەی خۆجێی کە ڕێژەی کوتانەکە نزمترە.

ئەم پرسیارانەبە دیاریکراوی بۆ بەڕێوەبەرانی خانەی سەرپەرشتیە چونکە ئێمە دەمانەوێت تێبگەین چۆن بەڕێوەبەرانی خانەی سەرپەرشتی وەڵامی ستافەکانیان دەدەنەوە کە نەکوتراون واتا ڤاکسینیان وەرنەگرتوە.

ئایا تۆ چۆن مەزندە دەکەیت کە دەبێ وەڵام بدەیتەوە بۆ ئەم مەرجە، بە بیرکردنەوە لەو ستافەی کە خۆی نەکوتاوە واتا ڤاکسینی وەرنەگرتووە؟

- دیسانەوە بڵاوکردنەوەی ستافەکانی کوتان واتا ڤاکسینیان وەرنەگرتووە
- ڕاگرتنی کارکردنی ستافەکان ڤاکسینیان وەر نەگرتووە
- هی تر (تکایە دیاری بکە)
- پەیوەست نیە

ئایا هیچ نیگەرانیەکت هەیە دەربارەی کاریگەری سیاسەتە لەسەر توانای خانەکانی سەرپەرشتی کەسانی بەساڵاچوو بۆ پارێزگاری کردن لە خزمەتگوزارییەکی سەلامەت؟

- بەڵێ
- نەخێر
- نازانم
- پەیوەست نیە

ئایا کام لەم نیگەرانیانەی خوارەوە کە هەتن دەربارەی کاریگەری سیاسەتەکەیە لەسەر توانای خانەی سەرپەرشتی کەسانی بەساڵاچوو بۆ پارێزگاری کردن لە خزمەتگوزارییەکی سەلامەت؟ (نیشانە دابنێ لەسەر گشت ئەوانەی گونجاون)

- هەندێك لە ستافەکان ڕەنگە ڤاکسین ڕەتبکەنەوە و کارەکەی ئێستایان بەجێ بهێڵن
- هەندێك لە ستافەکان کارەکە بەجێ دەهێڵن لە ناڕەزاییان لە سیاسەتەکە، ئەگەر ئەمە ناکۆك بێت لە بیروباوەڕە کەسییەکانی خۆیان
- ئەو ستافانەی ماون ڕەنگە بێزاری خۆیان دەربڕن لە مەرجەکە، مۆراڵ و اتا مەعنەویاتیان کەم بێتەوە
- ستافەکان ڕەنگە هەوڵ بدەن لە دادگا تانە بدەن لە خانەی سەرپەرشتی
- کاریگەری ڕەنگە هەبێت لەسەر پێوەرەکانی تر کە کاربکاتە سەر ستافەکان، وەکو کەم کردنەوەی جووڵە لەنێوان شوێنەکانی تەندروستی و سەرپەرشتی
- دابینکردنی ستافی مەشق پێکراوی جێگرەوە بەردەستە
- دابینکردنی تێچووی ستافی ماوەی کورتخایەن
- تێچویی دامەزراندنی ستافی هەمیشەیی نوێ
- کاتی دەوێت بۆ دامەزراندنی ستافی هەمیشەیی نوێ
- هی تر (تکایە دیاری بکە)

تکایە هەر بەڵگەیە ك و هەستی خۆت سەبارەت بە قەبارەی کاریگەرییەکان هاوبەشی پێ بکە لێرە:

- کەمترین کاریگەری
- کاریگەری مامناوەند
- کاریگەری توند

تکایە وردەکارییەکان بدە بۆ پشتگیری کردنی وەڵامەکەت.

ئایا پێت وایە ئێمە دەتوانین کاریگەریی ئەم سیاسەتە نوێیە لەسەر هێزی کار کەم بکەینەوە؟ (تکایە نیشانە دابنێ لەسەر گشت ئەوانەی گونجاون)

- ئاسانکردنی دەستگەیشتن بە کوتان
- پارە تەرخانکردن بۆ خەرجی هەر تێچوویێکی پەیوەندیدار بە کوتان بۆ نموونە خەرجی هاتوچۆ، کات، خەرجی تێچووی کاریگەری لاوەکی
- دەستگەیشتن بە زانیاریی نوێکراوە
- هاوکاری لە پاڵەوانانی کوتانی تایبەت بە فەرمانگەی خۆجێی
- هاوکاری لە بەرپرسانی پزیشکی پەیوەست بە خانەی سەرپەرشتیme
- هی تر (تکایە دیاری بکە)

ئایا پێت وایە ئەم سیاسەتە نوێیە ڕەنگە ببێتە هۆی هەر ناکۆکیەك لەگەڵ مەرجە یاساییەکانی تر کە خانەی سەرپەرشتی دەبێ جێبەجێی بکات؟

- بەڵێ
- نەخێر
- نازانم
- پەیوەست نیە

تکایە وردەکاریی زیاتر بدە سەبارەت بە مەرجە یاساییەکانی تر کەئەم سیاسەتە نوێیە ناکۆکە لەگەڵیدا.

41. لە ماوەی کاتی ڕاوێژکاری، ئێمە نیازمان وایە ڕاستەوخۆ گفتوگۆ بکەین لەگەڵ کارمەندان سەبارەت بە کاریگەری مەزندەکراو لەسەر دەرەنجامەکانی تاکەکەسەکان و یاسای دامەزراندنی کارمەندان. ئەگەر سیاسەتەکە جێبەجێ کرا، ئێمە بیردەکەینەوە لە بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی پیشەیی بۆ بەڕێوەبەرانی خانەی سەرپەرشتی کە کاریگەریەکان دیاری دەکات بۆ بەڕێوەبەران و ئەندامانی ستافەکان.

# پاشکۆی A: زیادەی پێشنیارکراو بۆ ڕێسای کارپێکردن – پێوەری 10

## دابینکەرانی تۆمارکراو دەبێ دڵنیابنەوە لە سیاسەتەکان و ڕێکارەکانی دانراون سەبارەت بە باری بەرگری لەش تایبەت بە ڤایرۆسی کۆڤید-19 بۆ گشت ستافەکان وەکو:

گشت کارمەندانی مافی کوتانیان هەیە لەناو خانەی سەرپەرشتی کە یەك یان زیاتر نیشتەجێبووی تەمەن 65 ساڵان یان سەروو تری تێدایە کوتانیان لە دژی ڤایرۆسی کۆڤید-19 وەرگرتووە. ئەمە گشت ستافەکان دەگرێتەوە کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ دامەزراون لەلایەن دابینکەری خزمەتگوزاریی خانەی سەرپەرشتی، وە ئەوانەی دامەزراون لەلایەن ئاژانسێك، وە خۆبەخشانی بڵاوکراونەتەوە لەناو خانەی سەرپەرشتی. ئەوە هەروەها ئەوانەش دەگرێتەوە کە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆ پێشکەش دەکەن وە ئەوانەی هەڵدەستن بە ڕۆڵی لاوەکی وەکو کارمەندانی پاککردنەوە و ستافەکانی مەتبەخ.

دابینکەرەکە دەبێ ئەوە پێشان بدات کە گشت ستافە شیاوەکانی ناو خانەی سەرپەرشتی دۆزی پێویستیان وەرگرتووە لە ڤاکسینی دژی ڤایرۆسی کۆڤید-19 ی پەسندکراو لەلایەن MHRA لە ماوەیەکی ڕێگاپێدراوی دیاریکراو، بەپێی ڕێسای 12، [footnote 2] کە بەشێوەیەکی قایم پارێزراوە لەلایەن بەڕێوەبەری تۆمارکراو (یان کەسی هاوتای ئەو) لەناو فایلی ستافەکان. ئەمە جێبەجێ دەکرێت لەسەر ستافەکانی ئێستا و ستافە نوێیەکان.

تۆمارێکی لێخۆشبوونی پزیشکی بۆ ستافەکان هەیە کە ناتوانن ڤاکسینی دژی ڤایرۆسی کۆڤید-19 وەربگرن بەهۆی هۆکاری پزیشکی (وەك لە کتێبی سەوز، ڕێنمایی و ئامۆژگاری پزیشکی JCVI).

ئەو ستافانەی کە ناتوانن کوتان یان ڤاکسین وەربگرن بەهۆی هۆکارە پزیشکیەکان، بەڕێوەبەرانی تۆمارکراو (یان کەسی هاوتای ئەوان) دەبێ هەڵسەنگاندنی مەترسی تەواو بکات و هەنگاوی گونجاو بنێت بۆ سووك کردنی مەترسیەکان.

شیاوێتی و مافی کوتانی ستافەکان بەشێوەیەکی بەردەوام پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت بەپێی ڕێسای 12.

ڕۆشنبیریەکی گونجاوی ستافەکان هەیە دەربارەی مەرجەکە، وە سوودەکانی بۆ ئەوان وەك کەسێك و خەڵکێك کە خزمەتگوزارییەکەیان بەکاردێنێ.

ستافەکان هاوکاریی گونجاویان پێشکەش دەکرێت بۆ دەستگەیشتن بە کوتان.

1. گشت داتاکانی ئاماژەیان پێکراوە لەم ڕاوێژکارییە تەنها بۆ ئینگلاند گونجاوە مەگەر تەنها بەپێچەوانەوە دیاریکراوبێت. ↩
2. ڕێسای 12ی یاسای چاودێری سۆشیاڵ و تەندروستی ساڵی 2008 (چالاکیە ڕێکخراوەکان) ڕێسای ساڵی 2014 داوا دەکات کە سەرپەرشتی و چاودێری پێشکەش بکرێت بە ڕێگایەکی سەلامەت بۆ بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاری. ئەمە بریتیە لە پابەندبوونێك لەسەر کەسی تۆمارکراو بۆ هەڵسەنگاندنی مەترسی، وە ڕێگریکردن، و پشکنین و کۆنترۆڵکردنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، لەوانەش ئەوانەی کە پەیوەندیدارن بە چاودێری تەندروستی (ڕێسای (12(2)(h). پێشنیارەکە ئەوەیە دەبێ ڕێسای 12 هەموار بکرێتەوە بۆ ئەوەی مەرجەکانی کوتان واتا ڤکاسین وەرگرتنی تێدابێت کە وەسف کراوە لە بەڵگەنامەی ڕاوێژکاری. کۆمسیۆنی CQC دەسەڵاتی هەیە بۆ ئەوەی داوا بەرزبکاتەوە لە دژی دابینکەری خزمەتگوزاری کە شکست بێنێ لە جێبەجێ کردنی ڕێسای دوانزە، کە ئەمە دەبێتە هۆی زیان پێگەیشتنی کە دەتوانرێت خۆبەدوور بگریت لێی یان مەترسی گەورەی وەك ئەم زیان پێگەیشتنە. ↩